# گۆران و ئەرکی شیعر

د. حەمە نووری عومەر کاکی/ زانکۆی سلێمانی/ سکوڵی زمان / بەشی کوردی

پێشەکی :

شیعری لیریکی پانتاییەکی گەورە و فراوانی لە دنیای ئەدەبدا داگیر کردووە ، لەشیعری کلاسیکیی کوردیدا ، وەك ئەدەبی نەتەوە ڕۆژهەڵاتییەکان ، ئەم جۆرە شیعرە گەلێك ئەرك وپەیامی جۆراوجۆری لەئەستۆ گرتبوو ، ئەرکی شیعر لە کلاسیکدا ، ئەرکێکی گران و فرە ڕەهەند بووە ، شیعر مێدیایەك بووە بۆ خۆی . شاعیر بە شیعری لیریك مێژووی دەنووسییەوە ، زانستە بەرجەستەییەکان و زانستی ئاینی و کۆمەڵایەتی و مێژوو و.....هتد ، لەدووتوێی شیعردا دەنووسرانەوە . ئەوگۆڕانەی لە شێوازی شیعری نوێدا ڕوویدا ، تاڕادەیەك لای هەندێك شاعیری داهێنەر ، ئەرکی شیعریشی دەگرتەوە ، لە شیعری نوێی کوردیدا ئەم دیاردەیە واتە گۆڕانی ئەرکی شیعر ، لای شاعیرە ڕۆمانسیزمە نوێخوازەکان بەتەواوی دەبینرا ، بەتایبەتی لەڕێچکەی دووەمی شیعری نوێی کوردیدا ، کە (گۆران ١٩٠٤ –١٩٦٢ ) سەردەستەی ئەو ڕێچکە و ڕێبازە نوێیە بوو. ئەم لێکۆڵینەوەیە , لەڕوانگەی چەند سەرنج و تێبینییەکەوە سەبارەت بە بیۆگرافیای گۆران ،ئەرکی شاعیر و ئەرکی شیعر لای گۆران ڕوون دەکاتەوە ، بەهیوای ئەوەی ببێتە دەروازەیەك بۆ توێژینەوەی ئەرکی شیعری لە لای شاعیرانی شوێنکەوتووی ڕێچکەی گۆران و شاعیرانی دیکەش . لەم لێکۆڵینەوەیەدا ڕێبازی شیکاریی دەق بەگشتی و لە ڕوانگەیەکی سایکۆلۆجییەوە بەپێی پێویست ڕێبازی شیکاریی دەروونی بۆ شیکردنەوەی هەندێك دەقی شیعری ( گۆران )بەکارهێنراوە . لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەدا بەچەندخاڵێك ئەنجامە گرنگەکان دیاری کراون ودواتر سیستێمی کۆد (* )بۆ پەراوێزەکان وئەوسەرچاوانەی کەڵك وسودیان لێوەرگیراوە ، پێڕەوی‌کراوە .

ژیاننامەی گۆران و پێوەندی بەئەرکی شیعرەوە

لەمێژووی ئەدەبی کوردیدا ،کەلێنێکی گەورە هەست پێدەکرێت وبە کەمی لەسەری نووسراوە ، ئەویش ئەوەیە شاعیران و نووسەران گرنگی و بایەخێکی ئەوتۆیان بەنووسینی ژیاننامە وشیوەی نووسینەوەی ژیاننامە (بیۆگراف )نەداوە ، هەرچەندە گۆرانی شاعیر لەخێزان و بنەماڵەیەکی خوێندەوار وشیعر وئەدەب دۆست بووە و بۆ خۆشی لەئاستێکی ، فکری و ڕووناکبیری بەرزدابووە ، بەڵام مەخابن بە پێی ئەو دۆکۆمێنتانەی لە بەردەستدان ،هیچ شتێکی ئەوتۆی لەسەر ژیان و هەڵسوکەوتی ژیانی ڕۆژانەی خۆی وبنەماڵەکەی نەنوسیوە ، ئەو بیرەوەریی خۆی نەنووسیوەتەوە وتەنانەت ، کەمترین زانیاری و ڕوونکردنەوەی لەبارەی هەندێکی زۆر لە شیعرەکانی ، وەك ڕۆژو کات وساتی دانانی شیعرەکانی ، تۆمار نەکردووە ، ئەم کەمتەرخەمی وبێ باکییە ، هەر بەتەنیا گۆران خۆی ناگرێتەوە ، بەڵکو توێژەران و نووسەرانی هاوەڵ و دۆست و هاو تەمەنەکانی گۆرانیش دەگرێتەوە .

تاکە بەرهەمێك ، کە تا ئێستا شێوەی ئەکادیمی پێوە دیار بێت و گرنگی بە ژیاننامە (بیۆگرافی وئاوتۆبیۆگرافی )ی (گۆران ١٩٠٤ – ١٩٦٢ ) دابێت ، ئەو هەوڵەی ( مامۆستا جەعفەر و ڕێبوار حەمە

تۆفیق)ە ، لەو کتێبەیاندا بە ناوی ( گۆران لە یادەوەری هاوچەرخەکانیدا ).(٥) . لەسەرەتای ئەو کتێبەدا بەشێوەیەکی زانستی ، لەژێر چەند ناونیشان و سەرباسێکدا ، باس لەو کێشە و گرفتەکراوە ، کە لەڕاستیدا نەبوونی ئەو بابەتە لەمێژووی ئەدەبی کوردیدا ، لە بەردەم لێکۆڵینەوەی ئەکادیمیدا بۆتە کۆسپێکی گەورە . بەکورتی ئەو کەلێنە و پڕکردنەوەی ماکی ئەو نەخۆشییە ، بەگیان وجەستەی دنیای شیعر وخودی شاعیران خۆیانەوە دیارە و دواتریش بۆ لێکۆڵەر و توێژەران ، چارەسەر کردنی کارێکی زۆر زەحمەت دەبیت ، ئەگەر لە کردە نەهاتوو نەبێت . چونکە وەك لەو بەرهەمەدا هاتووە ، هەر لە( ڕەفیق حیلمی )یەوە ، کە لەنزیکەوە گۆرانی بینیوە وچیرۆکی ژیان وئەزمونی شیعری پێ گێڕاوەتەوە ، هەتا (حوسێن عەلی شانۆف ، کورد ئۆغلو ) ، کە تێزی دکتۆراکەی لە ساڵی ( ١٩٦٥ )دا لەسەر شیعری گۆران بووە و کاتێك گۆران ساڵی( ١٩٦٢ ) ، خۆی لە ژیاندابووە لە مۆسکۆ ، نامەی بۆ نووسیوە و تەنانەت دۆست وهاوڕێ نزیکەکانی گۆرانیش وەك ( د. عیزەدین مستەفا و محەمەدی مەلا کەریم ) ، هیچیان ، پرسیاری ورد و وروژێنەریان لە سەر ژیانی سەردەمی منالّی وڕەنگدانەوەی لە گەشەکردنی کەسیێتی ئەدەبی وبەرهەمەکانی و دواتریش کارو پیشەو پێوەندیی نێوان مەرگی شاعیر و هۆکاری نەخۆشی وشێوەی ژیانی شاعیر نەکردووە .( ٥ : ٢٠- ٢١ ) .

لەم توێژینەوەیدا ، سەبارەت بە (بیۆگرافی ) ژیاننامەی گۆران ، بەتەنیا قسە لەسەر ماوەیەکی کورتی ژیانی ئەو شاعیرە دەکرێت ، یان بەشێوەیەکی دیکە بگوترێت ، باس لە ماوەیەکی کەمی تەمەنی مێردمنداڵی و هەرزەکاری شاعیر دەکرێت ، ساڵی (١٩٢٢- ١٩٢٥)، کە ئەویش پێوەندی بە خراپی باری ئابووری و دەستکورتی گۆران و تەواو نەکردنی خوێندنییەوە هەیە ، بەکورتی هەموو سەرچاوەکان بەم شێوەیە باس لەوچەند ساڵە و هۆی تەواو نەکردنی خوێندن لە لایەن (گۆران ) ەوە دەکەن .(دوای کوژرانی (محەمەد بەگ )ی برای لەبەر دەست کورتی ، دەست لەخوێندن هەڵدەگرێت .( بڕوانە: (5 :17 و( ١١ : ٣٧ ) .

لەمێژووی ئەدەبی کوردیدا و لە ژیاننامەی زۆربەی زۆری شاعیراندا ، بەشێوەیەك لە شێوەکان ، ئەم جۆرە ژیاننامەیەو هۆکاری تەواو نەکردنی خوێندن و بەستنەوەی بە هۆکاری ئابوورییەوە ، بۆتە کلێشەیەکی دەق پێگیراو و دووبارەبووەوە . لەم توێژینەوەیەدا ، ئەو خاڵەو هۆکارەکەی جێگای گومانە ، دەکرێت لە بواری سایکۆلۆژیی و باری دەروونییەوە ، خوێندنەوە و توێژینەوە بۆ هۆکاری تەواو نەکردنی خوێندنەکەی بکرێت .

دەستکورتی و باری ئابووری هۆکارێکی سەرەکیی ئەوتۆ نییە بۆ بەردەوام نەبوون و تەواو نەکردنی خوێندن !، بە بەڵگەی ئەوەی زۆرێك لەوانەی خوێندنیان تەواوکردووە ،دەستکورت ونەداربوون ، تائێستاش کەسانێك هەن ، باری ئابوورییان بۆ تەواوکردنی خوێندن لەبار نییە و خوێندنیش تەواو دەکەن وبڕوانامەی بەرزیش بەدەست دەهێنن ، یان بە پێچەوانەی ئەم دیاردەیەوە . بەکورتی شاعیران وهونەر مەندانی کورد ، بۆخۆیان وەڵامێکی ڕاستیان پێ نییە ، یان ئەوڕاستییە نا درکێنن ودەیشارنەوە ،لای توێژەر ومێژوونووسانی ئەدەبیش ، لێکدانەوە و خوێندنەوەیەکی سایکۆلۆجیی دروستی بۆناکرێت ، لە نێوخەڵکانی کۆمەڵە ڕۆژهەڵاتی وتازە پێگەیشتووەکاندا ، تەواو نەکردنی خوێندن و بەدەست نەهێنانی بڕوانامەیەکی بەرز ، جۆرێکە لە بێ توانایی ونزمی ئاستی زانستی ، کەلەڕاستیدا ئەمە وانییە وهەڵەیەکی

ڕۆیشتووه . لێرەدا دەكرێت دان بەوڕاستییەدا بنرێت ، كە ئەوهۆكارە سەرەكی و بەربەستە گەورەیەی دەبێتە هۆی بەردەوام نەبوونی خوێندن وتەواو نەكردنی ، ئەوە تەنیا خولیای هونەر و شیعری داهێنەرانەیە ، كە بوار بۆ توانا وحەز وئارەزووی بەدەست هێنانی سەرمایەو بڕوانامە و... هتد نادات و هەموو دنیای شاعیر بۆ خۆی ڕادەكێشێت ، چونكە شاعیر ئامانج وهیوا و ئاواتەكانی لەداهێنانە شیعرییەكەیدا دەبینێتەوە . شاعیران بەگشتی وڕۆمانتیكییەكان بەتایبەتی ،بەهۆی ئەوەی كاری بیر وئەندێشە وداهێنانەكانیان ، لە خەیاڵ نزیك دەبێتەوە و لە دنیای واقیع دوور دەكەونەوە ، لەم ڕووەوە توێژەرانی بواری سایكۆلۆجیای ئەدەب ، كۆمەڵێك پرسیان لا دروست دەبێت ، لەوانە : ئایا ڕاستە شاعیران وهونەرمەندان ، لە واقع ( Reality ) ڕادەكەن ، یان لەهەوڵی دەربازبووندان ؟ ئایا بەكارهێنانی خەیاڵ لەداهێنانە هونەرییەكەیاندا هۆكارێكی تەواوە لەم دۆزەدا ؟ ئەم پرسیارانە و لەكۆتایدا پرسیارێكی دیكەی یەكلایی كەرەوە دێتەئاراوا و دەپرسێت : كاتێك خەیاڵ ڕەگەزێكی سەرەكی و بنچینەیی كاری شاعیر وهونەرمەندان بێت ، ئیدی ئەمە ئەوە دەگەیەنێت شاعیران لەگەڵ خەیاڵدا كاردەكەن وهیچ جۆرە پێوەندییەكیان بە دونیای (واقع )ەوە نامێنێت ؟ ( ٨: ٤٤) بۆ دەستكەوتنی وەڵامی ڕاست ، ( عزەدین أسماعیل )ئەم وتەیەی ( مورینۆ Moreno) لەڕووی لێكدانەوە و شیكردنەوەی دەروونیی ئەدەبەوە دەهێنێتەوە ، كە دەڵێت : هیچ كەلێن وناكۆكییەك لەنێوان واقع Reality و خەیاڵدا نییە ! هەردووكیان ڕەگەزێكی كاران لە بوارێكی فراوانتردا ، كە دونیای شتەكان و كەسەكان وڕووداوەكان دەگرێتەوە ، ئەودنیایە پێیدەگوترێت ، دنیای درامیی دەروونی ( Psychodramatic) . (٨ : ٤٤ ). بەهەموو پێودانگێكی زانستی و شیكردنەوەی دەروونی ، دەردەكەوێت مردنی براگەورەی( گۆران ) ،كە حەقیقەتێكی ڕاستی تاڵ بووە لە ژیانی (گۆران )ی مرۆڤدا ، تێكەڵ بەڕەگەزە سەرەكییەكەی دنیای دەروونی ( گۆران ) ی شاعیر دەبێت و دنیا درامییە دەروونییەكە دروست دەكەن ، كە خۆی لە كەسایەتییەكی ڕۆمانسیی داهێنەر ونوێخوازدا دەبینێتەوە.

ئەم ڕوداوە گەوریە ، هەرچەندە كۆستێكی جەرگبڕانەیە و لە دەرەوەی دەسەڵات وخواستی (گۆران )ی كەس و مرۆڤدا بووە ، بەڵام دەشێت لە نەست و ناوەوەی دەروونی ( گۆران )ی شاعیردا هەل وفرسەت وبیانوویەكی قایل پێكەری مەحكەم بووبێت بۆ دووركەوتنەوە لە كەش وهەوای خوێندن و ڕووكردنە دونیای شیعر وڕۆمانسییەت و خۆدۆزینەوە لە ڕێباز و ڕێچكەیەكی شیعریی نوێدا . ئەمە جگە لەو ڕاستییەی كە گۆران بۆخۆی كەسایەتییەكی (نێرگسی ) هەبووە ، بەتایبەت لە قۆناغی هەرزەكاریدا ، كە ئەو تاف لاوییەتییە ، (بەیەكێ لە قۆناغەكانی گەشەی تاك دادەنرێت ، كە تاك پێیدا تێدەپەڕێ ) ( ١٢ : ٥١ )، گومان لەوەدانییە ، كە ئەوكەسایەتییەی گۆران و ئەو قۆناغەی ژیانی هەر ئەو تاف و سەردەمی نێرگسییەتە بووە ، كە قوتابخانەی شیكاریی دەروونی وەسفی دەكات بەوەی ( نێرگسییەت ، ئاماژەیەكی گرنگە بۆ بڕوابوون بە خۆی وئامادەكردنی خود وڕێزگرتنی و بەرزترین ئاستی نێرگسی لە قۆناغی هەرزەكاریدا دەردەكەوێ ، لە گرنگترین دیاردەكانی لەلایەن كوڕی هەرزەكارەوە ، زۆربەكارهێنانی ناوی( ژن ) و وشەی (من )ە ، بەڵام دیاردەكانی لای شاعیران زیاتر لەو دەربڕینانەدایە ، كە ئاماژەیان بۆ باسكردن وشانازی كردن بە شیعرەكانیانەوەیە) . ( ١٢ :٥١ ) ئەمە جگە لەوەی زۆربەی سیماكانی كەسێتیی نێركسییە لە گۆرانی ١٧و ١٨ ساڵدا دەركەوتووە .بۆ نموونە : ( حەزكردنێكی بە پەرۆش بۆ بەدەستهێنانی بەناوبانگی ) ( ١٢ : ٥١ ) . بەدڵنیاییەوە گۆران هەستی بەوەكردووە و ئەو ڕاستییەی لە بەرچاو بووە ،كە

شاعیران، لەو سەردەمەدا  ناو و ناوبانگیان لە نێوخەڵکی و بەتایبەتی لەنێو کۆمەڵە ڕۆژهەڵاتییەکاندا چەندە دیار و ناسراو بووە . ئەمە جگە لەو دیاردە نەخوازراوەی ، کە تا ئێستاشی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە گشتی و لە کوردستاندا بە تایبەتی هەیە و هەستی پێدەکرێت ،بەڵام تویژینەوە ولێکۆڵینەوەی زانستی بۆ نەکراوە . ئەویش ئەوەیە " قوتابخانە وخوێندنگەکان بەلای خوێنکارانەوە ژینگەیەکی خۆشەویست وئاسودە ودروست نە بوون ،کە قوتابی تێیدا بەئارامی ژیانی پەروەردەیی وفێربوونی تێدا بەسەربەرن ، بەڵکو بە پێچەوانەوە تاڕادەیەك وەك زیندان و مۆڵگەیەکی زۆرەملی بووە  بۆ قوتابیان وزۆربەیان لە هەوڵی دۆزینەوەی هەلێکدا بوون بۆ دەرباز بوون و وازهێنان لە خوێندن .

ئەرکی شاعیر

ئەوشاعیر ونووسەر و هونەرمەندانەی بەتایبەت ئەوانەی (ڕەچەشکێن و داهێنەرن ) ، کە لەتەمەنێکی لاویدا ، سەرەتای پرۆسەیەکی گەورە و داهێنانێکی نوێ ، سەرەتای کارێکی هەستیاری  ونەستێکی مەعریفی لەبیرو دڵ ودەروونیاندا دروست دەبێت و وردە وردە سەقامگیر دەبێت .  هەر ئەو چەکەرەی هونەر وهەوێنی داهێنانەیە ، کە  دەبێتە فاکتەرێکی سەرەکی بۆ دروستکردنی گۆڕانێکی گەورە لە هەموو لایەنەکانی ژیانی شاعیر ونووسەراندا ، قوربانییەکی گەورە بەهەوڵ و هۆکاری گەیشتن بە ئامانجی دابینکردنی ژیان وگوزەران و هیوای دیاریکراویان دەدەن ، (کە لە تەواوکردنی خوێندن وبەدەستهێنانی بەڵگەنامەو بڕوانامە چاوەڕواندەکرێت ). ئەو پرۆسەیە گۆڕانی بەسەردا دێت وبگرە وازی لێدەهێنرێت و پرۆسەیەکی گەورەتر جێگای دەگرێتەوە . واتە هەڵوێست وەرگرتنە بەرامبەر بە ژیان و دەوروبەر ، ئەرکی شاعیریش ئەوەیە هەڵوێستێك سەبارەت بە ژیان وەربگرێت (بەڵام هەڵوێست وەرگرتن لە ژیان وشیکردنەوەی بەها کۆمەڵایەتییەکان والە نووسەر دەخوازێت سەرەتا لە ژیان بکۆڵێتەوە و وشیارییەکی فیکری هەبێت ، کە بتوانێت لە میانەیەوە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان و ئەگەرەکانی سەرهەڵدانی ئەو دیاردانە دەستنیشان بکات  واتا دەبێت (( باوەڕی بە تیۆرێکی فەلسەفی هەبێت ، کە کردەوەی مرۆڤ و ئەدگارەکانی شیبکاتەوە و ئەرکی مرۆڤ لە ژیان و پەیوەندی و بەهاکانی دەستنیشان بکات )) ئەو پرۆسەیەش لە میانەی خوێندنەوە و شارەزایی نووسەروقووڵ بوونەوەی نووسەرەوە دێت سەبارەت بە ژیان و گوزەرانی لەگەڵ دەوروبەردا .)( ١ :٩٣ ).  لای (گۆران )ئەو پرۆسە گەورە هونەرییە (شیعر)ە  ، تێکەڵاو بەگیان و ژیانی دەبێت ، شاعیر بنەماو بنچینەی تەلارێکی نوێ بنیات دەنێت ، کە گیان وڕۆحی  تێیدا ئاسودە بێت و لەگەڵیدا دەژی و لەپێناویدا دەست لە بەرنامە و پرۆسە کۆنباوەکانی خوێندن وتەنانەت کاروکاسپی و لایەنەکانی دیکەی ژیانیش  هەڵدەگرێت . چونکە ئەو خۆی لە دنیایەکی دیکەدا دەبینێتەوە ، کە دنیای شیعرە ، شاعیر ئەوخولیایە ، ئەو گێتییە مەزنەی شیعر ، کە لە ناخیدا چەکەرەی کردووە و نەخشەی بۆ داڕشتووە ،بەبەڵگە نامەو سەرمایەی دارایی ناگۆڕێتەوە و هەرگیز دەست بەرداری نابێت . چونکە دەزانێت، شاعیری وناو ودەنگی شاعیرێتی بە بەڵگەنامەو سەرمایەی دارایی بەدەست نایەت .

ئەگەرچی شاعیران خۆیان ، بەتایبەتی (گۆران )، ئەو ڕاستییە لە وتە و شیعرێکی تایبەت و دیاریکراودا نادرکێنێت ، بەڵام زۆرجار ئەم ڕاستییە بەواتایەکی پراگماتیکی ، یان فرە واتا و فرە مەبەست ، لە نێو دێڕە شیعرە کانیدا ، دەردەبڕێت ، هەرجارەی بە شێوازێکی نوێ ودەربڕینێکی جیاواز ئەو مەبەستە بەرجەستەدەکات ، بۆ نموونە وەك لە چامەکانی ( بۆ گەورەیەکی شیعر دۆست ، هەڵبەستی دەروون ،   )

**هەست بەو چەمکە دەکرێت .**

**تا ماندووبوون – ناکفرم کرد – تامردن ،**

**کەی بۆ مەئموور ئەلوێ ،قوربان ، نان خواردن (٤ : ١١٥ )**

**بۆمن وەها ئەلوێ ئیتر خامۆشبم،**

**با لەمەیدان ون بم وفەرامۆش بم ! .. ( ٤ : ١١٦ )**

**هەربەهۆی ئەولایەنەی ژیانی (گۆران )ی مرۆڤەوەیە ، (سەرقاڵی بە ژیانی ڕۆژانە) ، کە (گۆران )ی شاعیر ، شیعرەکانی خۆی بە شیعری جوان وتەواو نازانێت وهەست بەوە دەکات ، کە بەتەواوەتی خۆی بۆ پرۆسە گەورەکە تەرخان نەکردووە و دەڵێت :**

**شیعری جوانت ئەوی ، قوربان ، شیعری جوان ،**

**شیعرێك گەشە و زەردەخەنە با بەژیان !**

**شیعرێ چەشنی ئەستێرە بجریوێنێ**

**ڕوونبێ ناخی دەریای دەروون بنوێنێ (٤ : ١١٤ )**

**لەو چامە( ٢٣ ) بیستوسێ دێڕییەدا ، هەرلە ناونیشانی چامەکەوە ، تا، کۆتایی باسێکی دەربڕینی دەروونی گۆرانە بەرامبەر بە مەبەست وبابەتێك ، کەدەکرێت بە (کەیس و قەزییە ) یەکی گرنگ وسەرەکی لە ژیانی شاعیردا لێکبدرێتەوە ، کەئەویش شیعر وئەرکی شیعرە ، بەبەڵگەی ئەوەی ،(١١ )یازدە جار وشەی شیعری بەکارهێناوە ، بە شێوەیەك بەکارهێنانەکەی لە دڵ ودەروونەوەیە و زۆر زۆر پێویستی بەو دووبارەکردنەوەیەبووە و لە جێگای خویاندا بەکاریهێناون ، چونکە ( ڕەخنەگر دەگەڕێت بەدوای ئەو شتانەی زۆر دووبارە دەبنەوە لای نووسەرەکە ، یا ئەو وشانەی زیاد لە پێویست نووسەرەکە ئەیانڵێتەوە ، ئەمانە بەڵگەی سەرەکی دەروونی زۆر قوڵن و پەیوەندییان بە کاتی تایبەتی زووەوە هەیە ) (٩ : ١١٧ ) واتە ئەو بارە دەروونییە بەتەنیا لە کات و ساتی لە دایك بوونی ئەو شیعرەدا نییە ، بەڵکو سەردەمی پێوەندییەکە زۆرلەو کاتە کۆنترە ، هیچ دوور نییە سەرەتای چەکەرەکردن و سەرهەڵدانی ئەو بارە دەروونییە هاوکات و سەردەمی سەرهەڵدان ودروست بوونی حەزو توانا و بەهرەی شیعری (گۆران ) بووبێت .**

**خاڵێکی دیکەش ، کە ئەو بۆچوونەی پێشوو زیاتر دەچەسپێنێت ،ئەوەیە ، کە ئەم چامەیە وەك نامەیەك وایە ،(گۆران ) لەوەڵامی قسەو پرسێکی گرنگ و جەوهەری هاوڕێ و کەسێکی نزیکی خۆیدا نووسیویەتی ، کە دەشێت ئەوکەسە ڕۆشنبیر و شیعر دۆست و بە ئاگا و شارەزایەکی دونیای شیعر وئەدەب بووبیت .( نامە تایبەتییەکانی نووسەر و هونەرمەند ، کە بۆ دۆست و برادەرانیان ناردووە گەلێك سامانی دەروونی بەکەڵکیان تێدا شاراوەتەوە ، کە ڕەخنەگر کەڵکی زۆر گەورەیان لێوەردەگرێت ) ( ٩ :١١٧ ) .**

دوای ئەوەی گۆران لەوچامەیەدا هەموو پێودانگەکانی شیعر دیاریدەکات ، ئەوشیعرەی هەموو تایبەتمەندی وخەسڵەت وئیستاتیکای شیعری تێدابێت و هیچ کەموکورتییەکی تێدانەبێت ، ئەو شیعرەی بەدڵی (گۆران )ی شاعیر و (گەورەی شیعردۆست )بێت ، ئەوشیعرە دەبێت شاعیرێك بینووسێت ، کە بەتەنیا بۆ شیعر بژی و هیچ ئەرك وکار و فرمانێکی دیکەی لەژیاندا پیٚ نەسپێرابێت ،ئەوکاتە شیعری جوان بەرهەم دەهێنێت :

ئەودڵە ، کەی جێگای پەریی ئیلهامە؟

گۆشتی بیٚ گیان خۆی کامە ، شیعری کامە ؟

لەپاشانا ، قوربان ڕەنگە بزانی ،

مەئمورێکی بچووك ، وەك من ، ژیانی (٤ : ١١٥ )

***

مێشکیٚ ئاوا دەردی سك ئەندێشەی بیٚ ،

لەناو دەریای ئیشا گێرە و کێشەی بیٚ ،

کەی چاو بە دەریای جوانی یا بگێڕیٚ ،

هەرچی بینی بیخاتە پێنج شەش دێڕیٚ ؟ ! (٤ : ١١٦ )

***

( گۆران )لەڕووی پێوەندی شیعر بە خودی شاعیرەوە و خۆتەرخانکردنی شاعیر بۆ ئەو ئەرکە هزری وهونەرییە گەورەو گرانەوە ، وەك لەم دێڕەدا دەردەکەوێت ، دەیەوێت شاعیر ئازادبێت وتەنیا بیر وئەندێشەو سەرمایە مەعریفییەکانی بەتەنیا بۆ شیعر تەرخان بکات .

بەسەر شیعرا کەسیٚ زاڵە سەربەست بیٚ ،

بەرەڵڵا بیٚ ، بەعارەقی عەشق مەست بیٚ، (٤ : ١١٦ )

بەکورتی شیعر نووسین لای (گۆران )بە کەسێك ناکرێت ، جگە لە شیعر کارێکی دیکەی لەسەرشان بێت ، بەڵکو دەبێت بۆ ئەو پرۆسەیە (بەرەڵا بێت ) ، گۆران بۆ شیعر نووسین ( خۆتەرخانکردن ، تەفەرغ )ی دەوێت . بەکارهێنانی دەستەواژەی (بەرەڵابیٚ ) لای (گۆران) و لەدێڕە شیعرێکیدا کارێکی ئاسان و سەرپێیی نەبووە ، بەڵکو ئەمە شێوازێکی شیعری گۆران بووە ، هەڵبژاردنی وشە و گەڕانەوە بۆ وشەگەلێکی باوی ناو کۆمەڵ و بەگەڕخستنی ئەو وشانە لە ئەدەب و شیعر نووسیندا ، شێوازێکی نویٚ بووە لە لای( گۆران) .

بۆیە (گۆران )ی مرۆڤی ئاسایی ، لەو ساتانەی ژیانی دووانەییدا ، لەگەڵ (گۆران )ی شاعیردا ، دەکەوێتە ناکۆکی وبەرەنگاربوونەوەیەکی سەختەوە . دەیەوێت (گۆران )ی جەستەو مرۆڤ دەستبەرداری (گۆران )ی شاعیربێت و وازی لێبهێنێت ، بۆ ئەوەی هەرچی لە سەرمایە و گەنجینەی دەروونیدایە ، لە دونیای جوانی و هەرچی هیواو ئاوات و خەونەکانییەتی ، پێشکەشی هونەری شیعری بکات .

ئەمویست دەروون بکرایەوە وەك تۆمار

دەرکەوتایە دنیای جوانتر لە بەهار

دەرکەوتایە : ئاوات ، هیوا ، خەوبینین ..

پرشنگدارتر لە ئەستێرەی قوبەی شین ! ( ٤ : ١٢١ )

لە شیعری (هەڵبەستی دەروون )دا ، جگە لەوەی جێگا و شوێنی (هەڵبەست ، شیعر)ی دیاری کردووە، کە (دەروون ) ە ، بەڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ، دیسانەوە وشەی دەروون و هاوواتاکانی وشەی دەروون دووبارە و چەند بارە دەکاتەوە ، بەتێڕوانینێکی دیکەش ، باس لە قوڵایی ناخ ودەروونی خۆشی دەکات ، لە وێنە شیعرییە کانیدا ،( دەروون ) فراوان و پان و بەرینە ، (دەروون ) دەریایە ، لەنێو ئەودەریایەوە دونیای شیعری( گۆران )دەردەکەوێت ،لەگەڵ تیشك وپرشنگی ئەو گەوهەرە ورد وجوانانەی مرواری نێو دەریای دەروونی( گۆران )دا ، دونیایەك دەردەکەوێت ، لەهەتاو ڕووناکترە ، کە ئەویش دونیای مانا وچەمك و ئەرکی شیعر دە بوو .

دەرکەوتایە ئەودنیایە کە شیعری

بێ فرمێسکەو ، زۆرتر لە فرمێسك ئەگری

***

بەڵام ئەفسووس ! کە ئەوشیعرە جوانانە

باڵدارێکن جێ ناهێڵن هێلانە ،

لە ناوەوە ئەجریوێنن ، ئەخوێنن

هەرگیز قەڵەم بە کاغەزا ناهێنن !.. (٤ : ١٢١)

ئاخۆ ئەگەر ، (گۆران )ی شاعیر بەتەنیا وبەتەنیا بۆ شیعر بژیایە و (گۆران )ی باوك و پیاو ، گۆرانی هەڵگری ئەرکی ژیان و گوزەران ، دەستبەرداری (گۆران )ی شاعیر ببوایە ! . چەند شیعری جوانی دەنووسی و چەند لەو شیعرە بێ باڵانەی ناو هێلانەی دڵ و دەروونی (گۆران )ی شاعیردا هەیە، باڵەفڕ دەبوون و لە ئاسمانی سروشتی ئەدەبی نوێی کوردیدا ، لە گەڵ ئەستێرە و مەلدا جریوەیان

دەهات و دەیانخوێند ؟ . وەك ئەو بولبولەی (گۆران ) خۆی وبەرهەمی شیعری لەگەڵدا بەراورد دەكات. لەگەڵ ئەو هەموو بەربەست وئەركی ژیانەشدا ، (گۆرانی ) شاعیر ، دوای چەسپاندن و نەمانی هەندێك لەو كۆسپ و تەگەرانەی ، كە بەربەست بوون لە ڕێگای لەدایك بوون و بەرهەمهێنانی شیعری بەرز و جواندا ، واتە نەمانی ئەگەرەكانی ، ئینجا (گۆران ) خۆی بۆ شیعر تەرخان دەكات وبڕیاری كۆتایی و یەكلایی كەرەوە دەدات و هەمیشە شیعر نووسین دەكات بە پیشە :

منیش لای خۆم هەمیشە

شیعرم كردوە بە پیشە ،

وەك تۆ ، بەڵام ئەم وئەو :

یەكەم ڕۆژە ، دوەم شەو !

شیعری من كامیان چابێ

ئەمجا بێ فرمێسك نابێ " (٤ : ١٠٤ )

ئەركی شیعری لای گۆران :

لەتوێژینەوەی ئەكادیمیدا ،ئەدەب و بابەت و بەشەكانی ئەدەب ، بەتایبەتی شیعر وهەرهەموو كەرەستە وپێكهاتەو بنەما و تانوپۆكانی ، پێناسەیان بۆكراوە و توێژینەوە و لێكۆڵینەوەی زانستی لەبارەیانەوە نوسراوە ، هەرهەموو ئەو كارانە هەوڵ و كۆششێكی بەردەوامن بۆ : یەكەم لە شیعر تێگەیشتن و پەی بردن بە هەموو لایەنە دیار ونادیارەكانی شیعر . دووەمیش ئەنجامی بەدەستهێنانی ئەو زانیارییانەیە ، یان ڕاستتر بگوترێت تەواو بوونی ئەوپرۆسەیەیە ، كە بۆخۆی پرۆسەیەكی هاوتا و چوونیەكی پرۆسەی شیعرە ، بیروبۆچوونێكی زانستیی نوێی ئەكادیمی بەرهەرم دەهێنێت ، ( ئەگەر لە ئاست گەورەیی و بەهای شیعردابێت ). ئەوەی لێرەدا گرنگ و پێویستە بگوترێت ئەوەیە ، كە ( پێناسە )وەك پێناسەی بابەت و تەوەرێكی زانستیی ڕووت (علوم النظریە البحتە ) بۆنموونە ( لەزانستی ماتماتیك وفیزیك ) دا هەیە ، هەربەو چەمك و میتۆدە ، (پێناسە) بۆ بابەت و تەوەرێكی ، وەك شیعر وزمانی شیعر و هەندێك لە بنەماو پێكهاتەكانی شیعر ناكرێت و كارێكی زانستی نییە ، بەڵكو دەبێتە كارێكی بەرتەسككردنەوە و لە قاڵب دان و سنووردارکردنی دنیای گەورە وبەرفراوانی ئەدەب بەگشتی و شیعر بەتایبەتی . زۆر بیروڕا و بۆچوون لەسەر شاعیر و كەسێتیی شاعیر لە بارەی سایكۆلۆجی وئەدگار وهەڵسوكەوتی شاعیرەوە نووسراوە ،: شاعیر مرۆڤێكی ئاسایی نییە ، شاعیر خولیایەك لە ناخیدا چەكەرەدەكات ، لەدڵ ودەروون و مێشكیدا دروست دەبێت ، شاعیر دووگیانە . شاعیر ژانەدیگرێت و شیعر ژانێكی بەسۆیە ، شاعیران خۆیان نزیكترین كەسن لە جگەرگۆشە و ڕۆڵەكانیانەوە . (**). ناكرێت سروشتی شیعر و شاعیر و پێكەوە ژیانیان ، بە كەرەستەی دیكە ومرۆڤی ئاسایی بچوێنرێن ، چونكە شاعیران بۆخۆیان بەجۆرێكی دیكە لە شیعر دەڕوانن و شیعر لە خۆیان جوداناكەنەوە . تەمەنی شیعر ، لە سەرەتای دروست بوونی یەكەم بیرۆكە

و خولیای شیعرەوەیە ، تا کۆتایی ژیانی جەستەیی . لەو ساتەوە کە یەکەم چەکەرەی شیعر لای شاعیر سەردەردێنێت و لەدایك دەبێت ، بەتایبەت لای (گۆران ) ئەرك وفرمان بە شیعردەسپێرن ،ئەو ئەرکەش یەك ئەرك و یەك فرمانە .. ئەویش بریتییە لە پرۆسەیەکی گەورە و درێژخایەن ،کە جگە لەوەی لای خودی شاعیر خۆی ، لای (وەرگر ،خوێنەر) بەتەواوی ئەو ئەرکە دەبینرێت . ئەرکی شیعر ، گەشە بە ژیان بەخشینە ، زەردەخەنە لە سەر لێوی مرۆڤ دروستکردنە . ئەم دیاردەیە ، کە بریتییە لە پرۆسەیەکی گەورە و بە شیعر ناودەبرێت ، سەرەتای دەرکەوتنی ئەوساوا نازدارە و گوڵی ئەو شیعرە جوانە ، لە یەکەم ڕۆژی لەدایکبوون و ژیانی شیعرەکەوە دەردەکەوێت ، دواتر شاعیر ئاشکرای دەکات ، وەك (گۆران ) دەڵێت : (لە سەرەتاوە بەهۆی ئەدەبی ئینگلیزییەوە بە دوای نەزەرییەی ( هونەر بۆ هونەر ) ئەڕۆیشتم و بەرهەمی ئەم تەرزە ئەدەبەم ئەخوێندەوە ، وەکو هینەکانی ( جون کیتس ) وئوسکار وایلد ) .(١٣ : ٣) . ئەو بیردۆزەی (گۆران )باسی لێوە دەکات ولە شیعردا پەیرەوی کردووە ، لە ڕێبازی پەڕناسیدا بەتەواوی پێڕەو کراوە . کەواتە گۆران شاعیرێکی پەرناس بووە و یەکەمین شاعیری کوردبووە ڕێبازی پەڕناسی لەشیعری کوردیدا داهێناوە ( ٣ : ١٣٤ ) ئەم ڕێبازە ئەدەبییە لە بنچینەدا وەك پەرچەکردارێك دژی ئەو باوەڕ و بۆچوونە سەریهەڵدا ، کە هونەر دەبێ بەها ونرخێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی پێشکەش بکات ، کە لەسەرەتای سەدەی نۆزدەیەم لەلایەن (سان سیمۆنییەکان ) پشتگیری لێدەکرا .( ٦ : ٢٩٤ ) . بەلای (گۆران )ەوە ، وەك شاعیرێکی ڕۆمانسی ، دژایەتی ئەو چەمکەی شیعری دەکرد ، کە دەبێت هونەر و ئەدەب سودێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەخلاقی هەبێت . لای گۆران ، ئەرکی شیعر هەموو بەها و لایەنە ئیستاتیکی وجوانییەکانە ، گۆران بایەخ وگرنگییەکی زۆری بەم چەمك ومانا ومەبەستە داوە و لە شیعر و وتارە ئەدەبییەکانیدا جوانی پەرستن وشیعری جوانی ڕوونکردۆتەوە . هەر ئەم بەهرە هونەریی وداهێنانە بووە وای لە(گۆران ) کردووە شیعر بۆ شیعر بڵێت و تەنیا هەر ئەو ئەرکە مەزنەی هەبێت ، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت ، کە ( گۆران ) بە پێی مەبەستەکانی دیکە ، شیعری نەنووسیبێت ،لەگەڵ ئەو ڕاستییەشدا ، لەژیاننامەکەیدا دەبینرێت وگومانی تێدا نییە ، کە گۆران بیری سۆسیالێتی و چەپڕەوانەی هەبووە و ماوەیەکیش وەك ئەندامێکی پارتی کۆمۆنیست ، کاروخەباتی کردووە و ئەو ئایدیایە لەبەرهەمی شیعرییدا ڕەنگیداوەتەوە ، بەڵام بەبەراورد کردنێکی سەرجەمی ئەو تێکستە شیعرییە کەمانەی بۆ بۆنەو مەبەستی سیاسی نووسیونی ، لەگەڵ ئەو تێکستە لیریکییە هونەرییانەی کە هەموو ڕەگەزەکانی هونەری شیعریان تێدا دەبینرێن ئەو ڕاستییە پیشان دەدەن ، کە جیاوازییەکی زۆر لە ئاستی هونەری و ئیستاتیکا و شێواز و تەنانەت چێژوەرگرتنی شیعرەکاندا هەیە ، بۆیە ( گۆران ) زۆر بەکەمی نەبێت ،جگە لە ئەرکی ڕاست ودروستی شیعر ، کە دەبێت بۆ شیعر بێت ، ئەرکی مێژوویی وسیاسی و ئاینی .... بە شیعرەکانی نەبەخشیوە .

ئەرکی شیعر لای (گۆران ) ، لەگەڵ پرسی جوانی وئیستاتیکادا ، هاوکات پرسی ( بوون و کات ) یش لە خۆدەگرێت ، ئەم ئەرکە هەر ئەو بابەتە فەلسەفی و ئیستاتیکییەیە ، کە لە تێز ودەربڕینەکانی زانا و فەیلەسوفی ئەڵمانی ( مارتین هایدیگەر Martin Heidegger 1889-1976 )دا هەیە ، (بوون وکات ، Sein und Zeit) ( ١٤) بوونناسی ، یان مرۆڤناسی لای (گۆران )جوانترین داهێنانە و(گۆران )هەستی بە و (بوون ، هەبوون )ە ، واتە هەستی بە میتافیزیکی بوونەکان لەسروشتدا کردووە، لە مرۆڤناسی وجوانی بەهرەکانی مرۆڤ وگیانداران و بوونەوەرگەیشتووە ،هەستی بە بوونی ئەو توانایەی خۆی کردووە ، کە لە

توانایدا هەیە ڕامانەکان وڕەهەندە جیاجیاکان لە سروشت وبوون وەربگرێت و لە شیعری جواندا بۆ مرۆڤایەتی بەرهەم بهێنێت ، تێکەڵکردنی ئەم بابەتە لەگەڵ ئەدەب ، یان بەواتایەکی دیکە ، هێنانە ناوەوەی ئەو بابەتە فەلسەفییە بۆ ناو شیعر لای ( گۆران ) بەشێوەیەکی سانا وئاسان ودوور لە ئاڵۆزی و جەنجاڵییە ، ئەو فەلسەفە بە شێوەیەك دەكات بە شیعر ، کەهەمووکەس ، یان کەسان ومرۆڤی سادەش بیناسنەوە و لێیتێبگەن ، چونکە ( گۆران لەو کارانەیدا لە ڕاستی (حەقیقەت )وبوونی مرۆڤ وئامانجەکانی دوور ناکەوێتەوە ، لە بەر ئەوەی ڕازی هەبوون و مرۆڤ دەنەخشێنێ ) (١٠ : ٨ ). (گۆران ) ئەو ئەرکانە بە شیعردەسپێرێت و هەر لەنێو شیعرەوە و بە زمانی شیعر ڕازەکانی سروشت پیشان دەدات وهاوکات باس لەجوانی سروشت و بوونەوەرەکان و زمان و ئازادی مرۆڤ دەکات :

لە ژێر زەردەی خۆرەتاوا ،

بەناو چیمەنی گوێ ئاوا ،

چەن بە ئاهەنگ ، چەن سیحراوی؟

ئەگەڕێ قاز، یان مراوی " ( ٤ :١١ )

***

ئەوەندە جوان ،لەوە جوانتر ،

لەشنەی بای شەو ڕەوانتر ،

لە لەرەی پرشنگ، ئاوازە ،

لەخوڕەی ئاو ، شیعری تازە ،

بەئاهەنگتر ، بە خوڕۆشتر ،

بە گوێچکەی دڵ دەنگی خۆشتر ،

پێبناز ئەنیێ بە سەر ئەرزا :

جوانیێ لە بەژنێکیبەرزا ! ... ( ٤ :١٢)

لە تەوەرێکی گرنگ و پەیوەست بەئەرکی شیعر و زمانی شیعرەوە ، ئەم شیکردنەوە و بۆچوونە زمانییە هەڵدەگرێت " نکولی لەو ڕاستییە ناکرێت ،کە ئەرکی شیعر کردەیەکی ئیحائییە ، (ئەرکی ئیحائیی زمانی شیعر ، بیردۆزێکە لە مێژە لەبارەیەوە نووسراوە و لەم ڕۆژگارەدا ، لە زۆر شوێندا باسی لێوە دەکرێت ، بەتایبەتی لەڕووی ئەرك و فرمانی زمانەوە ،( ڤالیری )ئەوەی دیاری کردووە ، کە دەستەواژەیەك بەهۆی زمانەوە دوو ئەرك دەبینێت ،یەکەم : گەیاندنی حەقیقەت و واقیع ، هەواڵ وپەیامێك . دووەم :

دروستکردنی  هەژاندن ، شیعر لای (ڤالیری ) : دانان و بەرهەمهێنانێکە ، یان پێوەندی و گونجاندنێکی دیاریکراوی نێوان ئەو دوو ئەرکەیە ) . (٧ : ١٩٦ )، دەکرێت ئەوچەمکە دیاریکراوەی ئەرکی شیعر ، لە هەردێڕە شیعرێکدا ببینرێت ، بەتایبەتی لە شیعری ( گۆران ) دا .

لەدەریاوە قەتارەی هەوری بارشت کەوتە دووی پێشەنگ ،

بەسەر سنگی چیادا چۆکی داداوە ، کش وبێ دەنگ ...

بەسەر پاییزی زەردا بابە خوڕ بگری ، بە کوڵبگری ،

لەسەرئاخر گەلا ، ئاخر چڵی تەنیایی گوڵ بگری !  (٤ : ١٦٥)

***

گیا وردەی پایز ، سەوزەی نەرم و نۆڵ ،

قەیفە پۆشی ڕووی تەختی خاك وخۆڵ !

دڵگیری ،جوانی  ، بێ دڕك وداڵی ،

دوا یادگاری بەدیعیساڵی !... (٤ : ١٦٧ )

لە خوێندنەوەی ئەودێڕە شیعرانەدا و بە پێی شیکردنەوەی پێوەندییەکانی نێوان بونیادی وشە کان و گەیاندنی هەواڵێکی سادە و لە لایەکی دیکەشەوە دروستکردنی هەڵچوون وپەرچەکرداریش لای گوێگر یان خوێنەری شیعرەکە ، لەزمانی تێکستەکەدا ئەو ڕاستییە دەردەکەوێت ، کە چۆنێتی ڕیزبوونی وشەکان : (دەریا ، هەور ،  پایز  ، چیا ، گیا ، سەوز ، نەرم و نۆڵ ، خاك وخۆڵ ).  دوو ئەرکی جیاوازیی وشەکان پێکەوە بەشێوەیەکی گونجاو دەبینرێن ، ئەو وشانە لە دێڕە شیعرەکاندا ، ئەرکی ئەوەیان نییە ،کە کەش وهەوا و هەواڵە زانستییەکانی کەشناسی  ڕابگەیەنن ، بەڵکو شاعیر بەشێوەیەك لە ڕستەکاندا ڕیزیان دەکات و  بە پۆشاك وبەرگی شێوازی خۆی دەیان پۆشێت ، تاوەکو ئامانجی پڕۆسەکەی بپێکێت ، کە ئەویش ئەرکی شیعرییە . ئەرکی ئەو وشانە دەربڕین وگوزارشت کردنە لە سۆزێکی دیاریکراو، کە شاعیر گیرۆدەی بووە وهەڵچوون و هەژانێکە لەناخیدا ، بەهۆی ئەوشیعرەوە دەریدەبڕێت . سەرباری ئەوەش شاعیر دەیەوێت ، ئەرکێکی دیکەش بەشیعرەکەی بسپێرێت ، کە ئەویش ئەوەیە ، خوێنەر و گوێگریش گیرۆدەی ئەو کاریگەری وهەژان و بارە دەروونییە بکات ، کە خۆی توشی بووە .(٧ : ١٩٧).

لەڕاستیدا ئەوە زمانی شیعر و هێز وسیحری وشەکانە ، کە لە شێوازی تایبەتیی شاعیردا دەردەکەوێت و ئەو کاریگەریی و هەژاندنە لای خوێنەر ، یان وەرگر دروستدەکات ، چونکە ئەوژینگە و ئەتمۆسفیرەی شاعیر بۆ وشەکانی دروستدەکات ، لە جۆر و بارو دۆخی واتای وشەکان

له زمانی ئاسایی و تەنانەت له فەرهەنگیشدا  جیاوازه ، ئەمه جگه لەو ڕاستییەی ، که وشەکان هەڵگری دوو جۆر واتان ، جۆرێکیان واتای کوتومتی فەرهەنگین و جۆرەکەی دیکەیان واتای بارگاوین ، یان ئیحائین ، کەشاعیر به هۆی شێوازی تایبەتیی خۆیەوه به وشەکانی دەبەخشێت و دەچنه نێو بابەت و مەبەست و بابەتێکی دیکەی زانستی زمانەوه ، که ئەویش مەبەستی پراگماتیکییه .

ئەنجام :

لەناوەڕۆکی ئەم توێژینەوەیەدا ، چەند ئەنجامێك بەدەست هێنراون ، که دەکرێت له چەند خاڵێکدا چڕبکرێنەوه  :

١- لەژیانی شاعیرانی کورددا و بەتایبەتی له ژیانی (گۆران )دا هۆکاری سەرەکیی ، بەردەوام نەبوون لەسەر خوێندن و بەدەست نەهێنانی بڕوانامه ،بیانویەکه و هۆکارەکەی بۆ فاکتەری ئابووری ناگەڕێتەوه ، بەڵکو هەستکردنه به بوونی بەهرەیەکی ئەدەبی وهونەریی مەزن ، خۆدۆزینەوه و خۆتەرخانکردنه ، بۆ داهێنانێکی گەوره لەو بوارەدا  .

٢- ئەرکی (گۆران)ی شاعیر داهێنانی شێوازێکی نوێ بووه له شیعری کوردیدا ، گۆران دەیویست شاعیر ئازادبێت و بیر وئەندێشەو سەرمایه مەعریفییەکانی بەتەنیا بۆ شیعر تەرخان بکات  ، لای ئەو داهێنانی ڕێبازێکی شیعری ، که هەموو تایبەتمەندییه کانی هونەری جوانی تێدابێت، بەکەسێك ناکرێت ، کەچەند ئەرك وفەرمانێکی دیکەی پێ سپێررابێت .

٣- بوون و کات ، یان سەردەم ، کایەیەکی فەلسەفی بوون ، ( گۆران ) بەشێوەیەکی سادەو سانا له شیعرەکانیدا تێکەڵ به سروشت وجوانی کردوون و لەڕێگای زمانی سادەو هەڵبژاردنی وشەی گونجاوەوه ، ئەرکی گەیاندنی ئەو مەبەستەو چێژ وەرگرتنی به شیعرەکانی بەخشیوه .

٤-  ئەرکی شیعر لای (گۆران )بەرپرسیارییەکی هونەرییه و لەڕووی مۆراڵ و ڕەوشتییەوه ، گۆران خۆی به بەرپرس دەزانێت و ناتوانێت دەستبەرداری بێت ، لەپێناوی ئەو ئەرکەشدا ئامادەی قوربانیدان بووه .

٥-  لەبەرئەوه له زۆربەی زۆری بەرهەمه شیعرییەکانی ( گۆران )دا ، ئەوڕاستییه دەردەکەوێت، که ئەرکی شیعر ، بەتەنیا دەبێت بۆ شیعر بێت ، هونەر بۆ هونەر دروشمی جوانیی شیعری گۆران بووه ، کەواته شیعرێك هەڵگری ئەرکی دیکه بێت  ،  زۆربەی خەسڵەت وبەها جوانکاری و ئیستاتیکییەکانی له دەست دەدات .

پەراوێزەکان :

(*) سیستێمی کۆد لەم توێژینەوەیەدا بەکارهێنراوە ، ژمارەی یەکەم ناوی سەرچاوەکەیە وژمارەی دووەمی دوای (: ) ژمارەی لاپەرەی سەرچاوەکەیە .

(**) ئاماژەیە بەو دێڕە شیعرەی نالی : لە جگەر گۆشەیی شیعرم مەدە مەعنایی خراپ

بێ خەتا کەس نییە ڕازی کەلە ئەولادی درێ ..

هەروەها شیعرێکی ( فەریدوون عەبدول بەرزنجی ) ، نامەیەکی کراوە بۆ خاتوزین .

سەرچاوەکان


کتێبە کوردییەکان:

١- ئازاد عەبدولواحێد کەریم ، سۆسیۆلۆژیای ئەدەب ،لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی ، کەرکوك ، ٢٠١٣.

٢- ڕەفیق حیلمی ، شیعر وئەدەبیاتی کوردی ، چاپی دووەم ، هەولێر ، ١٩٨٨ .

٣- فەرهاد پیربالّ (د.) ڕێبازە ئەدەبییەکان، چاپی یەکەم ، هەولێر ، ٢٠٠١ .

٤- گۆران ، دیوانی گۆران ، کۆکردنەوەی محەمەد ملا کریم ، بەرگی یەکەم ،بەغدا ، ١٩٨٠ .

٥- گۆران ، لە یادەوەری هاوچەرخەکانیدا ، ئامادەکردن وکۆکردنەوە و پێشەکی بۆ نووسینی : مامۆستا جەعفەر ، ڕێبوار حەمە تۆفیق ، بەرگی یەکەم ، چاپی دووەم ،سلێمانی ،٢٠١٢ .

٦- موحسین ئەحمەد عومەر (د . )، فەرهەنگی ئەدەبی ،سلێمانی ، ٢٠١٢ .

عەرەبییەکان :

٧- جان کوهن ، بنیە اللغە الشعریە ، ت :محمد الولی ومحمد العمری ،گ ١ ، ١٩٨٦ .

٨ – عزالدین أسماعیل (د.)، التفسیر النفسی للادب ،دار العودە ، دار الپقافە بیروت .

گۆڤار :

٩- ئەکرەم قەرەداغی ،قوتابخانەی دەروون شیکردنەوە لە ڕەخنەی ئەدەبیدا ،نووسەری کورد،ژمارە( ٦ ) خولی دووەم ، ١٩٨١ .

١٠- ئەکرەمی میهرداد ،گۆران ڕازەکانی بوون و مرۆڤ وجوانی ، نووسەر ، گۆڤاری یەکێتی نووسەرانی کورد ، لقی سلێمانی ، ژ٨-٩ ، ت ٢ ، ٢٠١٣ .

١١ –دلشادعلی (پ .ی .د ) ، گۆران داهێنان ، نوێخوازی ، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ، بەشی ب ،ژمارە ٢٠ ، ٢٠٠٧ .

١٢-دلشادعلى (پ .ى .د ) – د. سامان عزالدين سعدون ، شيكردنەوەى دەقە شيعرييەكانى گۆران لە ڕوانگەى دەروونناسييەوە ، گۆڤارى زانكۆى سليمانى ، بەشى ب ،ژمارە ٤٢ ، ٢٠١٣ .

١٣عبدالرزاق بيمار ، دانيشتنيك لە گەڵ گۆراندا ، گۆڤارى بەيان ، ژمارە – ٢ – شوباتى ١٩٧٠.

www lep.utm.edu: heidegge – ١٤

**ملخص البحث**

**هذا البحث الموسوم ب ( طؤران ومهام الشعر )دراسة تحليلية في بعض من نصوص طؤران الشعرية ،استهلت الدراسة بالتطرق الى زمن قصير في حياة طؤران وهو في ريعان شبابه والذى يرتبط ارتباطاً وثيقاً بمهامه الشعرية ، ومن خلال تحليل لبعض من ابياته الشعرية تسللنا الى جوانب النفسية وبه تتضح لنا نظرة طؤران الى مهام الشعر وما يترتب على الشاعر من وظائف . هذه النظرة الخلاقة والفريدة التى رأى بها طؤران وظيفة الشعر به ان يبدع نهجاً غايةً في المعاصرة حول الشعر . تضمن البحث قائمة للمراجع والمصادر المعتمدة في البحث ، ثم اوجزنا النتائج فى عدة نقاط . وبترجمة للبحث باللغتين العربية و الانطليزية ختم البحث .**

Abstract

*This research is marked by (Goran and tasks of poem) analytical study in some of the texts Goranpoetry , initiated the study to touch a short time in the life ofGoran and is in the prime of his youth , which is closely linked to its task of poetry , and through the analysis of some of the verses of poetry we sneaked into psychological aspects which made Goeans view regarding poetry task and poet responsibility clearer. This unique and creative view , which Goran has for his poetry task is considered as the most modern and creative function that it creates a very contemporary approach on the poem. The research includes a list of references and sources adopted in the search , then we outlined the results in several points . To search translated in Arabic and English seal search.*